**دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ**

**ژمارە: ١٣٨ لە ٢٠١٥/٨/١٢**

**پاڵپشت بەماددەی سێ وبڕگە (٧) لەماددەی چواری یاسای ژمارە (٤) ساڵی ٢٠١٠ی یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ئەم ڕێنمایانەی خوارەوەمان دەرکرد:-**

## ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥

## ڕێنمایەکانی سکاڵا

**ماددەی (١):** مەبەست و واتای ئەم زاراوانەی خوارەوە لەبەرامبەریان دیاری کراوە:

**دەستە:** دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان.

**نوسینگە:** نوسینگەکانی مافی مرۆڤ لەپارێزگاو قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (٢):**

وەرگرتنی ئەوسکاڵانەی کە لەسەرپێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ وئەوپرسانەی پەیوەندیان بەیاسا کارپێکراوەکان وڕێکەوتنامە وبەندەکانی مافی مرۆڤەوە هەیە و لەیاسای دەستەداهاتووە.

**ماددەی (٣):**

لەکاتی وەرگرتنی سکاڵا دەستە یان نوسینگە خوێندنەوەی یاسایی بۆدەکات بۆدڵنیابوون لەوەی کەپێشێلکاری مافی مرۆڤی تێدایە داواکاری گشتی یان لایەنی پەیوەنداری لێ ئاگادارەدەکاتەوە.

**ماددەی (٤):**

بەشی سکاڵا دیراسەی سکاڵاکان دەکات بۆدڵنیابوون لە ڕاستیەکانی بەهەماهەنگی لەگەڵ بەشەکانی تری ناودەستە یان نوسینگە بەپێی پەیوەندی پێشێلکاریەکەی مافی مرۆڤ بەبەشەکەوە وەك ( بەشی ئافرەتان منداڵ ، بەشی بەندیخانەکان ) وهەربەشێکی تر.

**ماددەی (٥):**

وەرگرتنی سکاڵا لەکەسی ئاسایی کەهاووڵاتی کوردستان بێت یان بیانی بێت و بەشێوەیەکی یاسایی نیشتەجێی هەرێمی کورستان بێت.

**ماددەی (٦):**

وەرگرتنی سکاڵا لەکەسی معنوی وەك کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی یان هەرلایەنێکی تر،کە بەفەرمی لەهەرێمی کوردستان تۆمارکراوە.

**ماددەی (٧):**

سکاڵاکار دەتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەڕێگەی نوسراو یان پۆستی ئەلیکترۆنی یان هەرهۆکارێکی تری پەیوەندی کردن سکاڵا تۆمار بکات بیداتە دەستە یان نوسینگە وفۆڕمی سکاڵای بۆ پڕدەکرێتەوە و زانیاریەکانی کەسی سکاڵاکار بەپێی یاسا پارێزگاری لێدەکرێت.

**ماددەی ( ٨ ):**

**دەکرێت لەبڕی سکاڵاکاربریکار یان وەلی یان وەصی سکاڵا تۆماربکات یان کەسوکاری سکاڵا بۆکراو تاپلەی چوارلەخزمایەتی دوای سەلـماندنی خزمایەتیەکەی.**

**ماددەی ( ٩ ):**

**پێویستە سکاڵاکارهەربەڵگەیەکی تایبەت بەپێشێلکاریەکەی پێشکەش بەدەستە یان نوسینگە بکات هەموبەڵگەکان لەبەشی سکاڵا لەگەڵ سکاڵاکەی بەنهێنی دەپارێزرێ.**

**ماددەی ( ١٠ ):**

**بەهیچ شێوەیەك سکاڵای سکاڵاکار و فۆرمی سکاڵا هاوپێچ ناکرێت لەگەڵ نوسراوەکانی دەستە کەئاراستە دەکرێت بۆلایەنە پەیوەندارەکان.**

**ماددەی ( ١١ ):**

**هەموسکاڵاکان لەسنوری نوسینگەکان وەردەگیرێن ولەحالەتی لەناکاو و پێویستی دەکرێت سکاڵای نوسینگەی سنورێك لەسنورێکی تر وەربگیرێت .**

**ماددەی ( ١٢ ):**

**لەدەستە ولە نوسینگە تۆمارێك ئامادە دەکرێت وەکو داتا ئەو زانیاریانە لەخۆدەگرێت (ناوی سکاڵاکار ، ژمارەی سکاڵا ، ڕێکەوتی سکاڵا ، ژمارەی مۆبایل ، تێبینی ، یان هەرزانیاریەکی تر لەگەڵ جۆری پێشێلکاری مافی مرۆڤ .**

**ماددەی ( ١٣ ):**

**لەدەستەو لەنوسینگە تۆمارێکی هاریکاری ئامادە دەکرێت بۆئەوکەسانەی کەوا سەردانی دەستەیان نوسینگە دەکەن تەنها بۆ بەدواداچوون و پرسیارکردن هاتوون یاخود داواکاریەکەیان ناگاتە ئاستی سکاڵای مافی مرۆڤ ، بەهەمان تۆمارەکەی سەرەوە زانیاریەکان تۆماردەکرێت.**

**ماددەی ( ١٤ ):**

**هەر سکاڵایەك پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەدادگاوە هەبێت دەستە ڕێنمایی سکاڵاکار دەکات کە لەڕیگەی دادگاوە سکاڵاکە تۆماربکات و یاسا ڕێڕەوی خۆی بگرێتە بەر،دەستە دەست لەکاروباری ئەوپرسانە وەرنادات کەپەیوەندیان بەدادگاوە هەیە.**

**ماددەی (١٥): ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت .**

**ضياء بطرس صليوا**
**سـەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ**